
# زەرقاوییەك كوژرا، بەڵام كارخانەی دروستكردنی زەرقاویەكان دەچەرخێ!



عبدالله مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com

لەبۆردومانێكی هێزەكانی ئەمریكادا، چەندڕۆژ لەمەوبەر گەورەجەلادی ڕێكخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە، زەرقاوی و ژمارەیەك لە هاوكارانی كوژران. بێگومان كوژرانی زەرقاوی گورزێكە لە ڕێكخراوی تیرۆریستی قاعیدەو سەرجەم ڕەوتی تیرۆریزمی ئیسلامی. هاوكات زەرقاوی یەك كە نەخشەدارڕێژەرو جێبەجێكەری كوشتاری هەزارەها ئینسان بووە، لەناوچەكەو عێراقدا، بۆیە بۆهەموو كەسێكی ئازادیخوازو ئینساندۆست و بۆ هەموو ئەو خیزانانەی جگەرگۆشەكانیان بەدەستی ئەم جەلادە یان بەپێی نەخشەی ئەو كوژراون، خۆشحاڵن بە كوژرانی ئەم قەسابەی ئیسلامی سەردەم.

زەرقاوی یەكێك لە ڕابەرانی ڕێكخراوی قاعیدە بوو، ئەو ڕێكخراوەیەی كەهەر لەسەرەتاوە دەست پەروەردەی دەوڵەتی ئەمریكاو غەرب بوو، لەچواچێوەی كێشمەكێشی خۆیان لەگەڵ بلۆكی شەرقدا، وە بەكۆمەكی بەردەوامی ئەوان پێی گرت و بەهێزكراو كرایە ملۆزمی سەر ژیانی خەڵك، بە كۆتاییهاتنی كێشمەكێشی دووبلۆكی شەرق و غەرب، ئەم ڕێكخراوەیە بە هۆی زەمینەو ژینگەیەكەوە كەدیسان ئەمریكاو غەرب لە پێكهێنانیدا دەوری یەكەمیان هەبوو، بەردەوامیان دا بە هەڵسورانیان بەڵام ئەمجارە لەپانتایەكی فراوانترو بە پشتیوانیەكی گەورەترەوە.

لە پێناو سەركوتكردنی شورشی 1979 ئیراندا، ئەمریكاو غەرب لە كۆنفرانسی گوادلۆفدا بڕیاری هێنانی دەسەڵاتی ئیسلامیان بۆ ئێران ڕاگەیاندو بەهەموو تواناپانەوە پشتیوانیان لێكرد، كەدیارە هێنانی ئەم دەسەڵاتە ڕەشەی ئیسلام هەر بەتەنها شۆڕشی سەركوت نەكرد، بەڵكو ڕاستەوخۆ بووە پشت وپەنای دەستەو تاقمی ئیسلامی لەهەر چوارگۆشەكەی دنیادا، لەوەش واوەتر ئیستراتكردنی بۆ وولاتانی تری ناوچەكە، هەركام لە ڕیكخراوەی جیهاد و حەماس و حزب اللەو ئەمەل ....بەرهەمی كۆمەك و ئیسترادی ئەم دەسەڵاتەی جمهوری ئیسلامین.

هاوكات پشتیوانی بێدرێغی ئەمریكاو غەرب لە دەوڵەتی فاشستی ئیسرائیل و كوشتاری

وەحشیانەی خەڵکی فەلەستینی کە ئەمریکا پشتیوانی لێدەکات، زەمینەی قاچ گرتنی دەیان ڕێکخراوەی تیرۆریستی یە، ڕێکخراوەی قاعیدە و ئوسامەو زەرقاویەکان، سەرجەم قوتبی تیرۆریزمی ئیسلامی بەرهەمی ئەم واقعیەتەن.

ئێستا کە زەرقاویەك، لەناو دەیان و سەدان زەرقاویدا کوژراوەو کەمبۆتەوە، سەرجەم بەرەی تیرۆریستی قوتبی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کە ئەمریکا نەخشەداڕێژەروجێبەجێکەریەتی، و قسەی ئاخری تیا ئەکات، لەگەڵ هاوپەیمانەکانی کوژرانی زەرقاوی بە سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر تیرۆریزمی ئیسلامی و ڕێکخراوی قاعیدە ئەزانن، و دەیانەوێ ئەم پروپاگەندە بێبناغەیە بکەنە بەردەبازی خۆدزینەوە لە نارەزایەتی ی شەقامی دەولی و جەماوەری  دژی داگیرکاری و جەنگ و ملهوری .

گەورە بەرپرسانی دەوڵەتی ئەمریکا و بەریتانیا، وە نۆکەرەکانیان لە حکومەتی تاڵەبانی و مالکیدا، لەکاتێکدا درۆی ئەوە بڵاودەکەنەوە کە کوژرانی زەرقاوی سەرکەوتنە بەسەر تیرۆریزمدا، کە ئەمریکاو بەریتانیا لەعێراقدا دوچاری گەورەترین شکستی ئەم سەردەمەن، نەك تواناى بیناکردنەوەی پەیکەرەی نیزام و حکومەت و دەوڵەتی داروخاوی دەستی جەنگخوازی خۆیانیان نیە، بەڵکە لە ئاکامی سیاسەتی شەڕخوازانەی خۆیان و سەرمەست بوون بە کوێخایەتی دنیاوە ئەمجارە لەجێگای ئەفغانستانی سەردەمی بلوکبەندی دنیادا، عێراقیان کردۆتە مەیدانی بەرگرتن بەسەرهەڵدانی بلۆکی ئابوری و سیاسی زەبەلاحی تر، کە لەداهاتودا هەرەشە لە ئیمپراتۆریەتی ئەمریکاو سەروەریەکەی بکات. وە کۆمەڵگای عێراقیان کردۆتە کورەی سازکردن و دروستکردنی زەرقاویەکان، سەدامەکان، لەوەش واوەتر عێراقیان کردۆتە ئەم سەرزەمینەی کە لێیەوە زەرقاویەکان پەروەردەئەکرین و ڕەوانەی گۆشەو کەنارەکانی تری دنیا ئەکرێن، کە ئەمە وای کردووە تەواوی دنیا لەهەمیشە زیاتر لە نائارامیدا ڕابگیرێت.

جگە لەوەش بە پێچەوانەی کارگەکانی درۆی ئەم سەردەمە، ئەمرۆ زەرقاویەکان، تەنها لەبەرەی تیرۆریزمی ئیسلامیدا نین، و خودی دەوڵەتی ئەمریکا، بۆ بردنەپێشەوەی شەڕی لەگەڵ قوتبی تیرۆریزمی ئیسلامی و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدا، چەندین زەرقاوی لەڕیزی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی خۆیدا سازداوەو پشگیریان لێدەکات، پشگیری لەڕەوتە ئیسلامیە شیعەو سونیەکان لەناوچەکە و بەدیاریکراویش لەعێراقدا، بەڕۆشنترین شێوە ئەم ڕاستیە بەهەموان نیشاندەدات.

لە عێراقی ئەمرۆدا ڕەوتی سەدرو حزبی دەعوەو فەزیلەو حزبی ئیسلامی عێراقی و....دەیان ڕەوت و تاقمی میلیشیایی تر، پڕن لە زەرقاوی، چ تەجروبەی ڕابردوویان و چ کاروکردەوەکانی ئەم سێ ساڵەی دوایی مەحەك و پێوانەن کەزەرقاویەکانی بەرەی ئەمریکان، و ئەمریکا بەهەموو شێوەیەك پشتیوانی کردون و دەسەڵاتی میلیشیای ئەوانی بەسەر ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا تەئیدکردوەو سەپاندوە.

خۆئەگەر لەهەموو ئەوانەش بگوزەرێین، خودی ئەمریکا مۆری تەئیدی داوە لە بەڵگەنامەیەکی یاسایی بۆ دروستکردنی زەرقاویەکان و پەرەدان بەکوشتارو تیرۆر، دەستوری هەمیشەیی عێراق، کە دین سەرچاوەی سەرەکی یاساکانیەتی و بنەمای بەرەسمی ناسینی ژیانکردنی تاکەکان پایەکەی قەوم و دین و تایفەیەی ڕەنگاوڕەنگە، نەك هەر پشتیوانییە لەتیرۆری ئەوانەی یەکتری ڕەتدەکەنەوە، بەڵکە ڕاستەوخۆ دانانی پایەی بەڕێوەچوونی تیرۆرە.

شەڕی تایفی ئێستای عێراق، و کوژرانی عومەرو عەلیەکان، ئاوارەبونی سەدان هەزار ئینسانی تر لەترسی کوشتاری تایفی مەزهەبی و قەومی، لەگەڵ لیستی ئەو کوژراوانەی لە قەراغ جادەکان و لەژێر کەلاوە ڕووخاوەکاندا ڕۆژانە بەسەربڕدراوی و شێوێنراوی ئەدۆزرێنەوە باشترین بەڵگەی ئەو ڕاستیانەن. وە ئاماری ئەم کوشتارانە دەبەرابەری کردەوە ئیرهابیە ڕاگەیەنراوەکانە.

بەکورتیەکەی کوژرانی زەرقاوی سەرکەوتن نیە بە سەر تیرۆریزمی ئیسلامیدا، وە بەمانای کەم بونەوەی تیرۆر نیە، بەمانای متمانەیی و ئاسایشی زیاتر نیە بۆ هاوڵاتیانی عێراق و ناوچەکەو دنیا، چونکە ڕیشەی تیرۆرو نائەمنی ئێستای دنیا، ڕیشەی لەشەڕو جەنگخوازی، ڕیشەی لە دروستکردن و پشتیوانی کردنی ئەمریکاو غەرب لە ڕێکخراوە ئیسلامیەکان و پشتیوانی لەدەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و سات وسەودایە لەگەڵیان، ڕیشەی لە بەرەسمی ناسینی ئاڵتی کەڵچەریزم" نسبیەتی فەرهەنگ"ی، ڕیشەی لە چارەسەرنەکردنی کێشەی فەلەستین، و ڕیشەی لە ملهوری نەزمی بەناو نوێی دنیادایە، ڕیشەی لە شەڕی ڕاگەیەنراوی درۆینەی" بنەبرکردنی تیرۆردایە" ڕیشەی لەدەستەبەندکردنی ئیسلامی سیاسیدایە بۆ میانەڕەو و توندڕەو، ڕیشەی لە لێکهەڵپێکانی دین لەگەڵ دەوڵەت و خوێندن و پەروەردەو یاساکاندایە، ڕیشەی ......تاد، ئەمانە هەمویان ژینگەی تیرۆرن، تائەم ژینگەو زەمینەیە هەبێت، ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی هەیە، وە زەرقاویەکان تیایاندا جێ بەجێکەری پرۆژەکانی ئەم ڕەوتانە ئەبن.

ئەوەی کە دەتوانێ دەستی ئیسلامی سیاسی کوتابکات و لەوڕێگایەشەوە زەرقاویەکان لەمەیدان بکرێنەدەر، سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر ئیسلامی سیاسی و ئەلقاعیدەدا نیە، وەسەرکەوتنی ئیسلامی سیاسییش بەسەر ئەمریکادا نیە، چونکە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی وتیرۆریزمی نێودەوڵەتی ئەمریکا لازم و مەلزومی یەکترین و یەکتری بەهێزئەکەن، هێزلەیەکتری وەردەگرن. کۆتاییهینان بە بەرامبەرکیی هەردوو قوتبی تیرۆریستی لەگرەوی هاتنەمەیدانی ئۆردوی ئینسانیدایە کە خوازیاری ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتین.

کۆتاییهێنان بەداگیرکاری عێراق، و دەستکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسی شیعەو سونە، جێگرتنەوەی بەهێزی متەمەدین و دەسەڵاتی متەمەدین و حکومەتێکی متەمەدین لە عێراقدا، وە لەدەسەڵات کێشانەخوارەوەی جمهوری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای شۆڕشی خەڵکی بێبەش و بەسەرکەوتن گەیشتنی ئەم شۆڕشە بەقازانجی خەڵکی ستەمدیدەو پێشکەوتنخواز، و چارەسەری کێشەی

فەلەستین و بەرەسمی ناسینی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین، دەست هەڵگرتنی ئەمریکاو غەرب لەکۆمەکی ڕێکخراوە ئیسلامیەکان و وازهێنان لەسازشکردن لەگەڵیان....چەند هەنگاوێکی کارسازن بۆ لەبەینبردنی ژینگەی تیرۆرو نائەمنی ئێستای دنیا، و نەمانی زەرقاویەکان و کارخانەکانی دروستکردنیان.

2006-6-14